ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

33
10 ی نیسان / ئەپریلی 2022



## پارە دەست بەسەرا گیراوەکان و تەسفیەحساب!

موحسن کەریم

لەکاتێکدا هەواڵی دەست بەسەراگرتنی سەدان ملیۆن دۆلاری دزراوی خەڵکی کوردستان لەلایەن میلیشیا دەسەڵاتبەدەستەکانی کوردایەتیەوە، لە بانکەکانی لوبناندا بڵاودەکرێتەوە، کرێکاران و کارمەندانی حکومەت هێشتا مووچەی مانگی سێیان وەرنەگرتوە. لە بەردەم بانکەکانی سلێمانیدا خانەنشین لەسەرەی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیدا گیان لەدەست دەدەن. دەیان ملیار دۆلاری کرێکاران و کارمەندانی حکومەت بەناوی پاشەکەوتی مووچەوە دەستی بەسەردا گیراوە. خەستەخانە حکومیەکان لەبەر نەبوونی داوو دەرمان و پێداویستی تەندروستی خەریکن دادەخرێن! خۆڵ و خاشاک لەناو شارەکاندا کەڵەکە بووە بەهۆی ئەوەی کە حکومەت شایستەی دارایی نادات بە کۆمپانیاکان و ئەوانیش کرێی کرێکارانی ژینگە نادەن و کرێکاران لەبەرامبەر نەدانی هەقدەستەکانیاندا کاری پاکردنەوەیان ڕاگرتووە. پرۆژەی خزمەتگوازری گشتی و ڕێگاوبانەکان و خزمەتگوزاری شارەوانی لە سفر نزیک بوونەتەوە و بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکانەوە ساڵانە دەیان کەس دەبنە قوربانی. هەزاران گەنج و هاوڵاتی ئامادەبەکار هیچ جۆرە کارێکیان دەست ناکەوێ و لەلایەن حکومەتەوە هیچ جۆرە هاوکاریەکی دارایی ناکرێن.... لەولاشەوە بەدانانی چەندین جۆر باج و سەرانە لەسەر خەڵک و گرانکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی خەڵک وەکو نان و کاڵا خۆراکیەکان

بۆ لاپەڕە ٢

## کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!

پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان.....لاپەڕە ٨

با یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی خۆنواندنی چینایەتیمان! ... لاپەڕە ١٠

## بەیاننامەی کۆمیتەی سلێمانی حزب سەبارەت بە نەمانی داوو دەرمان لە خەستەخانەکانی سلێمانی ......

دوا لاپەڕە



## شێوازی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمان، حزبی شیوعی کوردستان لەکوێدا ڕاوەستاوە!

خەسرەو سایە

بۆ لاپەڕە ٣



## گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە بڕیارنامەی "بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب"

پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

ئۆکتۆبەر: کۆنگرەی پێنجەمی حزب لە مانگی دێسەمبەری ٢٠٢١ بەسترا، بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە بزوتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی حزب پەسەندکرد. بنەمای پەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە بۆ چی دەگەڕیتەوە؟

بۆ لاپەڕە ٥



## لەیادی تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل دا

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی... پارە دەست بەسەرا گیراوەکان و تەسفیەحساب!

و ....تاد. بارودۆخەکە بەجۆرێکی لێهاتوە کە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتی دەستیان لە قورگی هاوڵاتیان گیرکردوەو وورده ووردەخەریکن هەناسەیان لێ دەبڕن! لەو لاشەوە بەپرسانی هەولێرو سلێمانی یەکتری تۆمەتەبار دەکەن لەو بارودۆخەوە دەیانەوێ خۆیان لەژێر باری بەرپرسیارێتیدا دەرباز بکەن.

بەڵام ئەو رووداوە بەڵگەیەکی روونی ئەو راستیە دەردەخات کە ئەم حزبانەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی کوردستانیان رادەستکراوە، بەردەوام خەریکی تاڵانکردنی سامانی کوردستان بوون و هەن. هەموو ئەو دەنگۆیانەی کە بڵاودەکرێتەوە لەسەر پڕکردنی بانکەکانی دەرەوەی کوردستان لە پارەی دزراوی خەڵک و کڕینی موڵک لە ووڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا و تورکیاو ووڵاتانی کەنداو .... تەنها گۆشەیەکی ئەو تاڵان و دزیەی ئەم مافیا فەرمانڕەوایانە دەیکەن، دەخاتەروو. ئەوان زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەستیان بەسەر داهاتی کوردستاندا گرتوە... لەماوەی ئەم سی ساڵەدا سەدان ملیار هاتۆتە کوردستانەوە، لەرێگای مەرزەکان و گومرگ، فرۆشتنی نەوت و وەرگرتنی کۆمەک و هاوکاری لە ئەمریکاو ئەورووپاوە بەناوی پرسی کوردەوە هەروەها لەرێگای باج و سەرانەی ناوخۆوە لە خەڵک. بەڵام لەو ماوەیەدا کەمترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بە خەڵک نەکردوە و بگرە ئەوانەشی کە پێشتر هەبوون نەیان هێشتوون. بێجگە لە دزینی دەیان ملیار مووچەی کارمەندان و کرێکارانی حکومی وتاد.....

ئاشکرابوونی ئەم تاڵان و دزیەیان تەنها لوتکەی کێوێکی سەهۆڵی ناو دەریایەکی پانوپۆرە لە دزی و تاڵانی کە زیاتر لە٣٠ ساڵە لەسەری بەردەوامن.. بەڵگەی ئەوەیە کە ئەمانە کۆمەڵێک چەتەو رێگرن و خەریکن ژیانی دانیشتوانی کۆمەڵگایەکی ٥-٦ ملیۆنی ویران دەکەن. بۆیە ناکرێ خەڵکی کوردستان بەدیار مەرگی خۆیانەوە دابنیشن! ناکرێ خانەنشین لەسەرەی مووچەیەکی ٢٠٠ هەزار دیناریدا گیان لەدەست بدات. ناکرێ نەخۆش بەدەم ئازار و ژانی نەخۆشیەوە چاوەڕێی مەرگی بکات! ناکرێ خەڵک کاربکەن و هەقدەستی کارەکەشیان پێ نەدرێ و لەلایەن بەرپرسان و کوڕ و کچ و نەوەکانیانەوە بدزرێ و بکرێ بە ڤێلاو کۆشک لە ووڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا و لە باڕو قومارخانەکان و لە گەعدەکانی ڕابواردنی خۆیاندا سەرفی بکەن! ناکرێ چارەنوسی کۆمەڵگایەک بەدەستی ئەمانەوە بێت کە هەریەکەیان سەریان بە دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و دژی مرۆییەوەیەوە ئامادەن ژیان و ئایندەی دانیشتوانەکەی بکەنە بارمتەی ململانێ و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتانە لەپێناو مانەوەی خۆیان وەکو حاکمی دوو زۆنی سەوزو زەرد! کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان، کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەت، کارمەندان و کرێکارانی حکومی، مامۆستایان و خانەنشیان و ...تاد. ڕێگا لەو تاڵانکاریە بگرن . ڕێگا لەو وێرانبوونەی کۆمەڵگا و تاریکبوونی ئایندەی خۆیان و منداڵ و نەوەکانیان بگرن! کاتی ئەوە هاتوە تەسفیە حساب لەگەڵ ئەم مافیایانەدا بکەن کە لەسەر حسابی خوێن و قوربانی ئەوان و کەسوکارو کوڕو کچی ئەوان بوونە خاوەنی دەیان ملیار دۆلار و کۆشک و ڤێلاو کۆمپانیا و ... لە ناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان...

کاتی ئەوەیە هەموو ئەوەی دزیویانە دینار دینار لێیان وەربگیرێتەوەو دەرگای زیندانەکانیشیان بۆ بکەنەوە لەپای ئەو هەموو دزی و تاوانەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان کردویانە!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# شێوازی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمان، حزبی شیوعی کوردستان لەکوێدا ڕاوەستاوە!

**خەسرەو سایە**
saya.xasraw@yahoo.co.uk

کێشەو ناکۆکی ئەمجارەی نێوان حزبەکانی بەشدار لەپەرلەمانی کوردستاندا، لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی داهاتوو، گیرساوەتەوە. لەسەرێکی ئەم کێشە و ناکۆکیەدا پارتی ڕاوەستاوەو داکۆکی لەشێوازی یەکبازنەیی هەڵبژاردنەکە دەکا و هەریەک لە یەکیەتی و ئەو لایەنانەی کەخۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناوزەد دەکەن، لەوانەش یەکگرتوو، کۆمەڵ و نەوەی نوێ، پێداگرن لەسەر شێوازی فرەبازنەیی، بەمجۆرەش هەڵبژاردنی داهاتوو بۆتە تەپەتۆرێک و لەملی شوشەکەدا گیری کردوە. بەڵام حزبی شوعی کوردستان لەکوێی ئەم ناکۆکی و کێشەیەدا ڕاوەستاوە؟

ئەوەی کە نەبەز مستەفا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان ئاشکرای کردوە ئەوەیە کە حزبی شیوعی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکاو "لەگەڵ یەکبازنەیی" هەڵبژاردنەکەو "جەخت لەسەر مانەوەی یاسای هەڵبژاردن وەک خۆی دەکاتەوە"، ئەمەش بەڕۆشنی حزبی ناوبراو لەڕیزی پارتی و لەکەنار هەمان ئەو هەڵوێستەوە کە لەسەر "یاسای هەڵبژاردن" هەیەتی، ڕادەگرێ. بێگومان هەڵویستێکی ئاواش نەک هەر ناتەبایە لەگەڵ ئەو ئیدعایە و هەوڵانەی کە بۆ "چەپبوون" و پێکهێنانی "بەرەی چەپ" خستویەتیەگەڕ، بگرە بەتەواوی پێچەوانە و دژ بەهەڵوێستی خەڵکی ناڕازی و ئەو جەماوەرەیە کە خواستی وەلانانی ئەم سیستەم و ئەم دەسەڵاتەی هەیە و ڕۆژانە بە نارەزایەتیەکانی خۆیان تەعبیر لەم خواستەیان دەکەن. تەنانەت ئەم هەڵوێستەی حزبی شیوعی لەکاتێکدایە کەباش دەزانێت ئەوە خەڵکی تورەو ناڕازی کوردستان بوو کە نایەکی گەورەیان نا بەڕووی پارتی و سەرجەم ئەو حزبانەوە کە هیوایان لەسەر هەڵبژاردن و پەرلەمان هەڵچنیوە و دەیانەوێت وانیشان بدەن کە سیاسەت لەکوردستان لەدەرەوەی هەڵبژاردن وهۆلی پەرلەمان و کێشەی نیوان ئەم لایەنانەوە کفرێکە دژ بەئەزمونی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد. ئەزمونێک کە دژایەتی خۆی بەهەزارو یەک شێوە بەرامبەر بەژیان و گوزەران و حورمەتی ئینسانیی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نیشانداوەو سەراپا پڕە لەگەندەڵی و تاوان و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی. بەداخەوە بایکۆتکردن وبەشداری نەکردنی لەسەدا هەشتای خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عێراقدا، کە زۆرینەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی خستە دەرەوەی بازنەی ئەو یاریە گڵاوەوە کە پارتی و یەکیەتی و حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان، ناویان ناوە هەڵبژاردن و پەرلەمان و دیموکراسی، تا جەماوەری ناڕازی کوردستان لەشۆڕش و ڕاپەڕینی شۆڕشگێرانە دور بخەنەوە، کەچی ئەم کاردانەوەیەی جەماوەر، هێشتا حزبی شیوعی کوردستانی قانع نەکردوە، بەوەی کەخەباتی چینایەتی و سیاسەت لەکوردستاندا گۆڕاوە و لەدەرەوەی چوارچێوەیەکدایە کەپارتی و یەکیەتی دیارییان کردوە. بەواتایەکی تر حزبی شوعی چاو دەنوقێنی و پشت لەزۆرینەی بەرەی بایکۆت دەکاو پاساو بۆ شێوازی" هەلبژاردنی یەکبازنەیی" دێنێتەوە و "جەخت لەیاسایی بوونی" هەڵبژرادنێک دەکاتەوە کەپارتی لەسەر سەری ڕاوەستاوە، بەم کارەشی نەک هەر هاوهەڵوێست دەبێت لەگەڵ پارتیدا، بەڵکو لەخوار ئەو هەڵویستەشەوە ڕادەوەستێ کەیەکگرتوو، کۆمەل ونەوەی نوێ لەژێرناوی "شیوازی هەڵبژاردندا" بەرامبەر بەپارتی گرتویانە. بەڵام پاساوەکانی حزبی شیوعی کوردستان بۆ ئەم هەڵویستەی لەزمانی ئەندامەکەی کۆمیتەی ناوەندیەوە چییە؟

نەبەز مستەفا دەڵێت: "دەنگدان مافێکی هاوڵاتیەو تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ هاوڵاتی متمانە دەدات بە نوێنەرەکەی لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە"، "حزبی شیوعی لەگەڵ یەکبازنەیی هەڵبژاردنەو جەخت لەسەر مانەوەی یاسایی هەڵبژاردن وەک خۆی دەکاتەوە، هاوکات دیاریکردنی سیستەمی هەڵبژاردن لە هەر وڵات و هەرێمێک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داهاتووی ژیانی خەڵکەوە هەیە".

"هەر یاسایەکی هەڵبژاردن سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، بەڵام ژینگەی ئەو ناوچەیە بڕیار دەدات کە چ یاسایەک خاڵی ئیجابیاتی زیاترەو هەروەها کەشێکی دیموکراسیتر دەدات بە پرۆسەکە".!!

"جیا لەمە (یەکبازنەیی) زیاتر پارێزگاری لە کۆدەنگی پرسە نیشتمانییەکان دەکات.. "

ئەگەر پاساوەکانی حزبی شیوعی بۆ ڕاوەستان لەکەنار پارتیدا ئەوەبێت کەشیوازی یەکبازنەیی "متمانەی هاوڵاتیان دەدات بەنوێنەرەکەی" وەیا ئەوەی "سیستەمی هەڵبژاردن پەیوەندی راستەوخۆی بە داهاتووی ژیانی خەڵکەوە هەیە و کەشێکی دیموکراسی تر دەدات بە پرۆسەکە و زیاتر پارێزگاری لە کۆدەنگی پرسە نیشتمانییەکان دەکات"...

ئەوا پاساوەكانی لایەنگر لە شێوازی فرەبازنەیی و ئەوەی كە یەكگرتوو، كۆمەڵ و نەوەی نوێ دەیڵێن لەمە كەمتر نیە و ئەوانیش لە ڕاوەستانەوەیاندا بەرامبەر بە پارتی باس لە دیموكراسی و مافی نوێنەرایەتی ناوچەكان و پرسی نیشتمانی و فرە ڕەنگی و بەرژەوەندی خەڵك دەكەن!. بەڵام ئەگەر لایەنگرانی فرەبازنەیی ئەمجۆرە لەپاساوی پروپوچ بدەن بەگوێی خەڵكدا تا هەژمونی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا بشكێنن و ئەو ترسەی كە لە تەزویركردنی دەنگەكاندا هەیانە برەوێننەوە، ئەوە حزبی شیوعیە بەپاساوەكانی پەڕۆی سپی هەڵبریوە، بەرامبەر بەهەژمونی پارتی و ئەو تەزویر و ساختەكاریەی كە بەنیازە لەپشتی داكۆكی كردنیەوە لە"شێوازی یەكبازنەیی" لەم هەڵبژاردنەدا بیباتە پێشەوە، . ئێمە نازانین كە حزبی شیوعی كوردستان بەم هەڵوێستەی و بەم پاساو هێنانەوانەی چ ئیمتیازاتێك و چ بەڵێنێكی لەپارتی وەرگرتوە كە ئەگەر دەنگی نەهێنایەوە لەزۆرینەی كورسیەكانی خۆی كورسیەكی پێبەخشێت، بەڵام ئەو ناكۆكیە بەدەردەخات كاتێك سكرتێری حزب، كاوە مەحمود، لەسەدەی بیستویەكدا كەوتۆتە شوێن "لۆكاچ و ماركس و شۆڕش و فەلەسەفەی گۆڕانكاریەوە". بەڕاستی دەبێ خەڵكی كوردستان بەكام قسەو بەكام هەڵوێستی ئەم حزبە باوەڕ بكەن!

ڕاستیەكەی ئەوەیە كە لەم كێشەو ناكۆكیەكدا كە لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان، لەنێوان حزبەكاندا سەری هەڵداوە، نە"بەرژەوەندی ومافی هاوڵاتیان" و نە نوێنەرایەتیكردنی "دەنگی خەڵك لەپەرلەماندا" جێگای هەیە، بەڵكو ئەوەی جێگای هەیە هەموویان شێوەنی هێنانەوەی دەنگ و بەدەستهێنانی كورسیەكانی پەرلەمان دەكەن. بەواتایەكی تر هەموو حزبەكان لەپارتی و لایەنگرانیەوە تا یەكیەتی و ئەوانەی خۆیان بەئۆپۆزسیۆنی پارتی هەڵخستوە تا حزبی شیوعی كوردستان، درۆ لەگەڵ خەڵك دەكەن و هەمویان بەشوێن ئەوەوەن كە بە چ شێوازێك دەتوانن دەنگ و كورسی زیاتر بەدەست بهێنن، ئەمەشیان لەدۆخێكدایە كە دەزانن خەڵكی كوردستان بەڕێژەیەكی زۆر بەشداری لە گاڵتەجاڕیەكدا ناكەن كە نوێنەرانی ئەحزابێكی گەندەڵ و خاوەن كۆمپانیا و فاشیل لەپەرلەمانێكی كارتۆنیدا بەناوی ئەمانەوە نوێنەرایەتی بكەن و لەئەنجامیشدا هەر پارتی و یەكیەتی زۆرینەی كورسیەكان ببەنەوە.

بێگومان ئەم لەكەنار ڕاوەستانەی حزبی شیوعی لەپاڵ پارتیدا و ئەم هەڵویستە ڕاستڕەوانەیەی نامۆ نیە، بەتایبەتی بۆ حزبێك كە هێشتا پێیوایە "قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی ونەتەوەیی" تەواو نەبووە و هێشتا بۆرژوازی كورد بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە، هەروەها پێیوایە كە"قەوارەی هەرێمایەتی كوردستان و ئەزمونەكەی" دەستكەوتی "گەلی كوردستانە" و لەگۆشەیەكیدا بەرهەمی ئەو قوربانیدانەیە كە لەڕابردودا حزبە ناسیۆنالیستەكان داویانەو حزبی شیوعیش تێیدا بەشدارە. بۆیە نابێ دەستبەرداری بێ و سەرەڕای هەر ڕەخنە و گلەییەك كە لە یەكیەتی و پارتی هەیەتی، دەبێ دەستی پێوەبگری و لەهەمان ئەو چوارچێوەیەدا سیاسەت بكات كە ئەوان بەناوی دیموكراسی و هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ڕەنگیان بۆ ڕشتوە و ئێستاش ناچارە لە نێو ناكۆكی و كێشەی حزبەكاندا لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان، لایەنێك هەڵبژێرێت.

بەڵام ئەگەر حزبی شیوعی كوردستان ئەزمونی ٣٠ساڵەی دەسەڵاتداریتی پارتی و یەكیەتی بەو هەموو تاوان و دەردەسەریەی كە بەسەر خەڵكی كوردستاندا هێناویانە، بە بنەمایەك وەرنەگرێ لە هەڵویستگرتندا بەرامبەر بەهەڵبژرادنی داهاتوی پەرلەمانی كوردستان، ئەگەر چاو لەو هەموو فرتو فێڵ و تەزویر و دەنگ دزینە ئاشكرایە بنوقێنی كە لەهەڵبژاردنەكانی پێشوودا لەلایەن یەكیەتی وپارتیەوە كراوە، ئەوا ئەو قەیرانە سیاسی و حكومەتیەو ئەو بنبەست و ناكامییەی كە دەسەلاتداریتی بۆرژوازی كوردو ئەزمونەكەی تێیكەوتووە و لەبەرامبەریدا جولانەوەیەكی فراوانی جەماوەری لەكرێكاران و زەحمەتكێشانی خستوەتەڕێ و هەر ساتە و هەر ڕۆژە بۆ خواستی نان و كار و موچەو خزمەتگوزاری یەخەی دەگرێ، بەسە بۆئەوەی كە ئەو قاچە دەربێنێت كە لەگەمەی هەڵبژاردن و پەرلەمانە كارتۆنیەكەی پارتی و یەكیەتیدا چەقیوە و دەست لەسیاسەتی ڕاستڕەوانە هەڵگرێ و لەكەنار هیچ لایەنێكی ئەم ناكۆكی و كێشەیەدا ڕانەوەستێت كە لەسەر شێوازی هەڵبژاردن سەری هەڵداوە. ڕابەرایەتی حزبی شیوعی كوردستان دەبێ ئەوە باش بزانن كە بەسیاسەتی دووفاقی، واتە بەدانانی قاچێكی حزبەكەیان لەنێو سیستەمێكی سیاسی و بازنەیەكدا كە ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی كورد كێشاویانە و بەرگی دیموكراسیان بەبەرداكردووە و ئەو قاچەی تریان لە نێو "بەرەی چەپ" و خەڵكی ناڕازیدا دابنێن، نەك گەورە نابنەوە و دەنگەكانیان هەڵناكشێت، بەڵكو زیاتر لە خەڵكی ناڕازی دوردەكەونەوە و خەبات و تێكۆشانی دڵسۆزانی نێو حزبەكەیان بەهەدەر دەدەن و پێشكەش بە بۆرژوازی كوردو حزبەكانی دەكەن.. ئایا كادران و ئەندامانی دڵسۆز و ئومێدەوار بەماركسیزم و چینی كرێكار و باوەڕدار بەشۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری، وەك ڕێگایەك بۆ ئاڵوگۆڕی كۆمەلایەتی، ئەم هەڵویستە ڕاستڕەوانەیەی سەركردایەتیەكەیان تا سەر قەبوڵ دەكەن و لەكەنار ئەم جۆرە لەهەڵویست و سیاسەتكردنەی حزبەكەیانەوە بێدەنگ دەبن؟ بۆ وەلامی ئەم پرسیارە، دەبێ چاوەڕێی داهاتوو بین..

٩/٢/٢٠٢٢

★

درێژەی ......گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

## ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە بڕیارنامەی

## "بزووتنەوەی کرێکاری و سەرخەتی ئەرکەکانی ئەم دەورەیەی حزب"

## پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

مەهدی ڕەسوڵ: بەشێوەیەکی گشتی بنەمای بەڵگەنامەی "بزوتنەوەی کرێکاری وسەرخەتی ئەرکەکانی.." بۆ دوو واقعیەت دەگەڕێتەوە: یەکەم: هەروەک ئەوەی کە بەڵگەنامەکە ئاماژەی پیداوە، بزوتنەوەی کرێکاری لەکوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە، واتە دەورەیەکی تازە لەنارەزایەتی و هاتنەمەیدانی کرێکاران، لەفەزای سیاسی کوردستاندا سەری هەڵداوە. شێوەکانی خۆنواندنی کرێکارانیش لەم دەورە تازەیەدا بریتیە لە مانگرتن ودەست لەکارکێشانەوە و نارەزایەتی بەکۆمەڵی کرێکاران بۆ خواستەکانیان، لەناوەندەکانی کاردا، بەڵگەی جموجوڵێکی کۆمەڵایەتیە وتەعبیرە لەخەباتێکی زیندووی ڕۆژانەی کرێکاران بۆ باشکردنی دۆخی کارو ژیانیان. بەڵام کاتێک سەرنج لەم جموجوڵە کرێکاریانەو ئەم نارەزایەتیانە، لەپەیوەند بە دۆخی ئێستای کوردستانەوە دەدەین کە قەیرانێکی قوڵی ئابوری و سیاسی یەخەی بەدەسەلاتداران گرتوە و نارەزایەتی جەماوەری کەوتۆتە بەرامبەر دەسەلاتەوە، بەپێویست ئاسۆیەکی کار دەخاتە بەردەم حزبی ئێمە و هەر ڕەوتێکی کۆمۆنیستیەوە، ئێمە دەمانەوێت لەسەر ئەم زەمینە واقعیەی خەباتی چینایەتی کرێکاران وجەماوەری زەحمەتکێش کار بکەین وبەرەو پێشەوەی ببەین. دووەم، حزبی ئێمە بەدوای دەورەیەک لەکار لەنێو کرێکاران و کارکردن لەسەر خەباتی ڕۆژانەی ئەم چینە، توانیویەتی جێگایەک پەیدا بکا و ڕۆڵێک لەڕاستای هوشیارکردنەوەو یەکخستنی هەڵسوراوانی کرێکاریدا بگێڕێ.. لەسەر ئەم بنەمایانە کۆنگرەی پێنجەمی حزب باسکردن لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و ئەم قۆناغە تازەیەی خستە بەرنامەی کاری خۆیەوەو پاش قسەوباس و لێکدانەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر لایەنە بەهێزو لاوازەکانی، بڕیاریاری دا بەڵگەنامەیەک ئامادەبکات و سەرخەتی بەرنامەی کاری خۆی بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی ئەم بزوتنەوەیە بەرەو قۆناغێکی بالاتر، بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

**ئۆکتۆبەر: لە بڕیارنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێستادا لە قۆناغی بەرگریدایەو خاوەنی ڕێکخراوی سەربەخۆ و بەهێز و ڕابەر و هەڵسوڕاوانێکی بەرجەستەو ناسراو نیە. ئەگەر ئەمە باروودۆخی بزوتنەوەکە بێت، بەلای ئێوەوە سەرەکی ترین خاڵە بەهێزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لەکوردستان لەئێستادا چیە؟**

مەهدی ڕەسوڵ: سەرەتا ئەوە بڵێم خودی ئەوەی کە کرێکاران خەریکە دێنە جواب و دفاع لە خواستەکانیان دەکەن و لە ناوەندەکانی کاردا خەریکە قسەکەرەکانیان دەردەکەون وجۆرێک لە ڕێکخراوبون هەیە جا هەر شێوەیەک بێت، ئەوە بەهێزترین خاڵە کە چینی کرێکار لەکوردستان تێیدا دەردەکەوێت. لەلایەکی تریشەوە خودی ئەم دەرکەوتنەی چینی کرێکار ئەگەر لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستاندا وەربگرین، کەقەیرانێکی قوڵی ئابوری و حکومەتی لەئارادایەوە و نارەزایەتیەکی فراوانی جەماوەری، لەمامۆستایان و کارمەندان و گەنجانی بێکارو دەرچوانی دانەمەزراوی زانکۆکان و هاولاتیانی کەمدەرامەت لەدژی گرانی و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و ئەو باجگیریەی کەحکومەت دەستی داوەتێ، ئەوا بزوتنەوەی کرێکاری لەپێگەیەکی بەهێزدا دادەنێ، کە ئەگەر وەڵام بە کێشەو گرفتەکانی بەردەمی بدرێتەوەو ببێتە خاوەنی ڕابەران و ڕێکخراوەی جەماوەری خۆی و بەئاسۆیەکی کۆمۆنستیانەوە برەوی پێبدرێت، ئەوا بزوتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکاری کوردستان ئەتوانێت و ئەو قابلیەتەی هەیە کە ببێتە ناوکۆکەی نەک هەر هێزێکی ئاڵوگۆڕبەخش، بەڵکو وەک ڕابەری نارەزایەتیە جەماوەریەکان وبنەمای هەر ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و شۆرشگێرانە و نزیکبونەوەی ئەم چینە لەدەسەڵات شوێن بگرێت.

ئێمە بەم جۆرە لەخاڵە بەهێزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری دەروانین و خەباتیش دەکەین بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە لەبەردەم یەکپارچەیی کرێکاران و بزوتنەوەکەیاندایە. بەتایبەتیش حزبی ئێمە لەبەرامبەر هەرجۆرە سونەت و ڕەوتێک ڕادەوەستێت کە ڕیزی یەکگرتووی کرێکاران بەناوی نەتەوەو ڕەگەزو کرێکارانی ناوخۆو بیانی، بێکارو لەسەرکار، پارچە پارچە بکا.

**ئۆکتۆبەر: بەجیا لەخاڵە لاواز وبەهێزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری، بەلام کرێکاران وەک خۆیان لەگەڵ کێشەی جوراوجۆر بەرەوڕوون ئەگەر بکرێ ئاماژە بەسەرەکیترینی ئەو کێشانە بدەن؟**

مەهدی ڕەسوڵ: بێگومان کرێکارانی هەربەشێک لەگەڵ کێشەی تایبەت بەرەوروون؛ لەوانە

کەمی مووچە و زۆری ماوەی سەعاتکار و مەترسیەکانی شوینی کار و.. ، بەلام بەگشتی کۆمەڵیک کێشە یەخەی بەکرێکاران گرتوە و بوونەتە کۆسپێک لەبەردەم خەبات و نارەزایەتیەکانی ئێستایاندا، لەوانە نەبوونی یاسای کار، لەئارادابوونی بێکاریەکی فراوان و سیستەمی گرێبەستی کاتی و دەسەڵاتێک کە بەکۆمپانیاکان دراوە، لەپاڵ ئەو فشارانەی کە دەسەلات لەژێرناوی "چاکسازی"دا رووبەڕوی کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتی کردۆتەوە.. ئەمانە سەرەکیترین کێشەو گرفتیان بۆ ژیان و گوزەرانی کرێکاران بەگشتی دروست کردوە، بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە بەبزوتنەوەی کرێکاری ئێستا بەگشتی دەگەڕێتەوە، نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران و رابەریەکی سەراسەری و ئاسۆیەکی خەباتکارانە کەڕەوتی نارەزایەتیەکان و خەباتی ئێستای کرێکاران ئاراستەبکات، دەتوانرێ وەک گرفتە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی کرێکاری ئاماژەی بۆ بکرێت. بەڵام دیسانەوە دەمەوێت ئەوە بڵێمەوە کە کەخەبات و نارەزایەتی ڕۆژانەی ئەم چینە هەرچەندە پەرتوبڵاو و نارێکخراویش بێت، بەڵام هەر یەکەمین سەنگەری ئەم چینەیە بەرامبەر بەهێرشی بەردەوامی بۆرژوازی ، بۆیە دەبێ خەبات بکەین بۆ هەڵگرتنی ئەو گرفتانەی لەسەر ڕیگایەتی و ڕیگاچارەو هەنگاوی عەمەلی لەبەرامبەردا بگیرێتەبەر.

**ئۆکتۆبەر: بڕیارنامەکە کۆمەڵێک هەنگاو و سەرخەتی سیاسی دیاریکردوە بۆئەوەی بزوتنەوەکە بەسەر ئەو گرفتانەیدا زاڵ بێت. پێتانوایە کام لەو هەنگاوانە هەنگاوی یەکەمن و جێبەجێبوونی ئەوانی دیکە بەندە بە پێشڕەویکردن لە کەنارخستن و وەلانانی ئەو گرفتانەدا؟**

مەهدی ڕەسوڵ: سەرەتا ئەوە بڵێم کە زاڵبوون بەسەر هەر گرفت و بەربەستێکی سەر ڕیگای بزوتنەوەی کرێکاری، بەندە بە هاتنەمەیدانی یەکگرتووانەی کرێکاران و ڕۆشنی خواستەکانیانیەوە. هەروەک وتراویشە هێزی چینی کرێکار لەڕیکخراوبوون و یەکگرتووبونیدایە. لەم سۆنگەیەشەوە گرنگترین مەسەلە بۆ حزبی ئێمە کارکردنە لەسەر یەکگرتووکردنی کرێکاران لەئاستی سەراسەریدا لەسەر ئەو خواستانەی کە هاوبەشن لەئاست هەموو بەش و ناوەندەکانی کاردا، بێگومان ئەم یەکگرتووبونەی کرێکارانیش بەندە بە هێنانەمەیدانی ڕیکخراوەی جەماوەری کرێکاریەوە، لەوانە شورا کرێکاریەکان. بەواتایەکی تر ئەگەر کرێکاران بەیەکگرتویی و ڕیکخراوەی سەربەخۆی جەماوەریەوە لەئاستی سەراسەریدا لەمەیداندا بێت، ئەو توانایەش بەدەست دێنێ کە وەلام بە نەبوونی یاسای کار، گرانی، بێکاری و زۆر گرفتی تریش بداتەوە، واتە هاوکێشەی هێز وابگۆڕی کەدەسەلات و خاوەنکارەکان لەئاست هەر ناوەندێکدا ناچاربکات مل بەخواستەکانی کرێکاران بدات.

**ئۆکتۆبەر: وەک دواین پرسیار حزب لەئیستدا چ ئەولەویاتێکی سیاسی- عەمەلی لەپێش پێی خۆی داناوە؟**

مەهدی ڕەسوڵ: لەئیستادا بەسەر کەوتن گەیاندنی هەر نارەزایەتیەکی کرێکاری ئەگەر بۆخواستێکی بچوکیش بێت بۆ نمونە دانی موچە بەبی لێبڕینەوە لەکاتی خۆیدا، بۆ ئێمە گرنگە و لە ئەولەویەتماندایە، چونکە هەرجۆرە سەرکەوتنێکی کرێکاران لەخەباتی ڕۆژانەیاندا، ئاستی یەکگرتوبوون و هوشیاریان دەباتە سەرەوەو متمانەو باوەڕبوون بەهێزی چینایەتیان پەرەپێدەدات. بەلام ئەگەر مەسەلەی یەکگرتوبون و ڕیکخراوبونی چینی کرێکار لەڕیکخراوە جەماوەریە سەربەخۆکانی خۆیاندا وەک ئەڵقەیەکی سەرەکی بۆ پێشرەوی زیاتری بزوتنەوەی کرێکاری کوردستان لەئیستادا لەبەر چاوبگرین، ئەوا حزبی ئێمە کارکردن بۆ پێکهێنانی کۆڕوکۆمەلی خەباتکارانە و پێکهاتنی دەستەکانی نارەزایەتی کرێکاران لەئاست هەر ڕشتەو ناوەندێکی کاردا، لەم ڕیگایەشەوە هاوکات هەوڵدان بۆ هێنانەکایەوەی ڕابەریەکی سەراسەری کە بەشەکانی نارەزایتیە کرێکاریەکان لێکهەلپێکێ و لەئەنجامدا نارەزایتیە کرێکاریەکان لە پەرشوبلاوی دەرکێشێت، لەپێشینەی کارە عەمەلیەکانی حزبە لەئێستادا. بەڵام دیارە هەموو ئەم کارانە بە ڕۆڵی کرێکارانی کۆمۆنیست و هەڵسوراوانی رادیکاڵ و پێشرەوی ناو بزوتنەوەی کرێکاریەوە گرێی خواردوە. بۆیە لایەنێکی ئەولەویاتی کارمان بەهێزکردنی ئەم مەیلەیە لەناو بزوتنەوەی کرێکاری ئێستای کوردستاندا. مەیلێک کە تاسەر پەیگیرەو بەرژەوەندی چینی کرێکار لەیەکگرتووکردنی هەموو بەشەکانیدا دەبینێتەوە.

لەرووی سیاسیشەوە، سەرەکیترین ئەرکێک کە حزب لەبەردەم خۆیدا دایناوە ئەوەیە کەجولانەوەی کرێکاری و چینی کرێکار واوەتر لە بزوتنەوەی داخوازی ڕشتەیی و ڕۆژانەی خۆی بروا و وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و یەکپارچە بەرامبەر بەدۆخی سیاسی ئیستای کوردستان و ئەو گێژاو و بنبەستەی کەدەسەلات تێی کەوتوە دەرکەوێت. بزوتنەوەیەک کە نەک هەر بۆتە ناوکۆکەی جولانەوە جەماوەریەکان بۆ ئاڵوگۆری شۆڕسگێرانە بەلکو وەک بەدیلێک لەبەرامبەر دۆخی ئیستادا دەربکەوێت. واتە ئاسۆی رزگاریبەخش و سۆسیالسیتی چینی کرێکار ببێتە یەک ئاسۆ و ئاڵتەرناتیڤی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئێستاو سەرجەم ئەو دۆخەی کە کۆمەلگا پێیدا تێپەڕدەبێت. بەئاستێک کە ڕیگاچارەی چینی کرێکار ببیتە وەلامی هەر چین و توێژێکی نارازی کۆمەلگا.

★

# یادی خەباتکارانەتان بۆ هەتاهەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە!



## لەیادی تیرۆرکردنی هاورێیان:

# شاپور عبدالقادر و قابیل عادل دا

مستەفا باهیر

٢٤سالّ بەر لەئێستا، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٨ی ٤ی ١٩٩٨ کاتژمێر ٨:٥٠ خولەک، باندێکی تیرۆریستی مرۆڤکوژی ئیسلامی، دوو ڕابەری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و دوو ئینسانی شۆڕشگێر و دوو ڕابەر و دووسیمای خۆشەویستی ئاوارەکان و یەکێتیی بیکارانیان تیرۆر کرد. هەرچەندە ئەم کردەوە تیرۆریستە ڕاستەوخۆ ئیسلامیەکان ئەنجامدەری بوون، بەڵام ڕوونە بە بێ هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەنجامدانی کارێکی وەها لەناو جەرگەی شارێکی وەک هەولێردا، ئەستەم بوو. چونکە لەو کاتەدا تیرۆریستێکی وەک مەلا بەشیر لە مزگەوتەوە بەئاشکرا فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی دەدا و داوای داخستنی ڕۆژنامەی کۆمۆنیستەکانی دەکرد. پارتیش وەک پیشەی هەمیشەی کەوتە هاوکاریکردنی ئەو بەرە کۆنەپەرستە، هەر بۆیە دەزگاکانی پارتی دوای ئەوەی کە هاوڕێیان تیرۆر کران، لەباتی ئەوەی لیکۆلینەوە لەو کارە تیرۆریستیە بکەن و هاوکاری کەسوکارو هاوڕێیانیان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بکەن بۆگرتنی تیرۆریستان و فتوادەرانێکی وەک مەلا بەشیری کۆنەپەرست ڕاپێچی بەردەم دادگا بکەن، بەڵام لەزمانی فازل میرانیەوە ستایشی کراو بەرگری لێکراو پاشان کردیان بە جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی پارتی!

سەرەڕای ئەوە، پارتی بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی شارەوە بنکەی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی لە هەولێر داخست و ڕۆژنامەی یەکسانی بڵاوکراوەی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ) یان قەدەغەکرد. هەروەها هەوڵیان دا کە هەڵسوڕانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێڕاقیش قەدەغەبکات بە سود وەرگرتن لەو بارودۆخەی هاتبوە ئاراوە، دوای تیرۆرکردنی ئەو دوو هاوڕێیەی ڕابەری حزب، بەڵام ڕاوەستاوی و پێداگری و گیانبازیی هاورێیانی حزب ئەو سیاسەتەی پارتی پووچەڵکردەوە. تا پارتی ناچار بوو کە بەیاننامەی هاوبەش لەگەڵ حزبدا دەربکات و بەڵێنی بەدواداچوون بۆ ئەو تاوانە و ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی تیرۆریستان بکات. ئەوەبوو دواتر لە سیناریۆیەکی گومانلێکراودا چەند کەسی هێنانە سەر تەلەفزیۆن و گوایە ئەوان بەو کارە تیرۆریستیە هەستاون. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو کەسانەی تۆمەتبارکرابوون بەو کردەوە تیرۆریستیە نەک لەسەر ئەو تاوانە، بەڵکو لەسەر کاری دیکە لەناو هەولێردا داگایی و سزا دراون!

پارتی بەم کارەی دووپاتی کردەوە کە دژی هەموو بەرەیەکی ئازادیخوازە و دژ بەو کەسانەیە کە هەوڵ دەدەن بۆ باشترکردنی ژیانی هەژاران و بەرگری لە مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان و ژنان دەکەن. پارتی بەم کارەی دووپاتی کردەوە کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەری بەرەی کۆنەپەرستیە.

شاپور و قابیل دوو رابەری شۆرشگێر و دوو شۆرشگێری ریگای دنیایەکی باشتر بوون. هەموو ژیانیان تەرخانکرد بۆ بەدیهاتنی دنیایەکی باشتر. تا ئەوکاتەش ململانێی چینایەتی نیوان دارا و نەدار، هەژار و دەوڵەمەند هەبێ، تا ئەو کاتەی ململانێی نێوان کرێکارو سەرمایەدار مابێت، خەبات و تێکۆشانی هاوبیرانی شاپورو قابیل و بەردەوام دەبێت. بەرزوو بەڕیزبیت یادی ئەو دوو هاوڕێ تیکۆشەرە.

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بریاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی دروێنەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لە زەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە!

## پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

– دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە لە دەسەڵاتی ناسیۆنالستی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و هاوبەشە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی تریاندا بەرجەستە بووە، دوچاری بنبەست و قەیرانیکی هەمەلایەنەیە. ئەم دەسەڵاتە کە تا سەرمۆخ کۆنەپەرست و ستەمکار و بێدەربەستە بەرانبەر ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستان، نەک هەر وەڵامی بۆ کێشە و گرفتە کەڵەکە بووەکانی ئێستا نییە، بەڵکو خۆی بارێکی قورسە بەسەر کۆمەڵگەوە و هۆکاری جۆرەها دەرد و مەینەتە بۆ جەماوەری خەڵک.

– دوای سی ساڵ دەسەڵاتدارێتی بورژوازی کورد، خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بە نرخێکی گران و لە ئاستێکی فراواندا خۆیان لەژێر گوشاری پروپاگەندە و بەڵێنە فریوکارانەکانی ئەم دەسەڵاتە دەرهێناوە. پێ بەپێی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی بەم دەسەڵاتە، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی ستەمکاری و بێدەربەستی دەسەڵات، دەستی بە بزوتن و نەشونما کردوە. ئەمڕۆ نەفرەت و تورەیی جەماوەری کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا و بێکار و لاو و ژن لەم دەسەڵاتە بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بزوتنەوەیەکی فراوان و بەهێز و تا ڕادەیەک سەراسەرییە و جەماوەری نارازی لە ئاستێکی فراواندا بەو ئەنجامە گەیشتون کە گۆڕانکاری و دەستەبەر بوونی ماف و داخوازییەکانیان، بەندە بە کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتەوە.

– بەو پێیەی کە دەسەڵاتی ئێستا، دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییە و دامەزراوە حکومییەکان کارتۆنی و ڕواڵەتین، کۆتاییهێنانی بەندە بە ڕاماڵینی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبی لە هەریەک لە زۆنەکاندا. بەڵام مەرج نییە ئەم ڕاماڵینە بەیەک تەکان و لەیەک کات و لە ئاستی سەراسەریدا، بە ئەنجام بگات. بەڵکو بەپێی هێز و هاوسەنگی ڕەنگە سەرەتا لە زۆن و یان تەنانەت لە شار و ناوچەو شارۆچکەیەکدا ڕووبدات. لە هەر ناوچەیەکدا کە ئەم دەسەڵاتە ڕادەماڵدرێت، پێویستە یەکسەر ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە جێگایان دامەزرێ و توانایی بەرگری لە خۆکردنیان هەبێت. لە پرۆسەی ڕاماڵینی دەسەڵاتدا، و لە ڕێڕەوی پاککردنەوەی هەر شوێن و جێگایەکدا، هێز و هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و تەنانەت دەشێت دەسەڵاتی دوو لایەنە ببێتە ئەمری واقع لە ناوچەیەکدا، یان بەشێکی بەدەست دەسەڵاتی ئێستا و بەشێکی تری بەدەست جەماوەری ڕاپەریوەوە بێت. تا لە پرۆسەیەکدا ڕاماڵین و پاککردنەوەی دەسەڵات بەدوا ئاکامی خۆی بگات.

– ڕەوتە بۆرژوازییە نارازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەڵات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێرانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.

– بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدوای ١٧ شوباتەوە تا دەگات بەئێستا، بەجیا لەخواستە سنفی و کاتی و ڕۆژانەیەکانی، خواستە سەرەکی و سەراسەری و بناغەیەکانی خۆی "نان، ئازادی، خزمەتگوزاری"، خستۆتە ڕوو. زامنی وەدیهێنانی ئەو خواستە سەرەکی و سەراسەری و بناغەیانەی جەماوەری کوردستان، لە گرەوی دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆڕشگێرانەی پشتبەستو بە ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری خەڵک دایە. ئەو دەسەڵاتە شۆڕشگێرانەیە " کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانە". شورا بە مانای

کار و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی نوێنەران، کارسازترین شێوەی ڕێکخراوبوونە چ بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەمڕۆی بزوتنەوەی جەماوەری لەپێناو سەپاندنی خواستەکانی جەماوەر و چ بۆ دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پاش کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا.

– کۆمەڵگەی کوردستان هەم ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی کاتی ڕاپەرینی ١٩٩١ی هەیە و هەم ئەزمونی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی کرێکاران و بێکاران و کارمەندان و ژنان و مامۆستایان و لاوانی هەیە، کە دەورێکی گەورەیان گێڕا لە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی خەباتی جەماوەری. ئێستا کاتی ئەوەیە جارێکی تر ئەو ڕێکخراوانە دامەزرێنەوە هەم بۆ ڕابەری بزوتنەوەی جەماوەری ئێستاو هەم بۆ ئامادەکاری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە سبەینێی سەرکەوتنی ئەم

بزوتنەوەیەدا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپێناو سەرخستنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئێستای کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، خەبات دەکات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەلاتی ئێستا و دامەزراندنی حکومەتی "کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک".

کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک" لە هەلومەرجی لاوازبوونی دەسەلاتی ئێستا، یان کەنار خستن و ڕاماڵینیدا، ڕاستەخۆ وەکو بەدیلی دەسەلات خۆی ڕادەگەیەنێت و بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرێت و دەستبەجێ وەکو حکومەتی یاسایی بە مەبەستی وەلامدانەوە بە خواست و ئامانجەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵدەگرێت:

١/ڕاگەیاندنی خۆی وەکو دەسەلات و بەوێنەی حکومەتی فەرمی و یاسایی لە کوردستان تا بەرپاکردن و ڕاگەیاندنی فەرمی و ئاشکرای " کۆنگرەی دامەزرێنەری حکومەتی ئایندە"

٢/ڕاگەیاندنی دەسەلاتی کاتی "کۆنگرەی سەراسەری شوراکان" کوردستان، بە ناوەندە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی جیهان. ڕاگەیاندنی ئاشتی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسی و دەوڵەتان و خەڵکی جیهان.

٣/ دابینکردنی توانای بەرگری لە خۆکردنی شوراکانی خەڵک لەبەرامبەر پیلانی کۆنەپەرستان و پاشماوەکانی دەسەلاتی ڕوخاو و هەموو کۆنەپەرستانی دژی خەڵک.

٤/ ڕاگەیاندنی ئازادی بێقەیدو بەندی سیاسی، ئازادیی بیروباوەر، ڕادەربڕین، چاپەمەنی، مانگرتن و خۆپیشاندان، کۆبونەوەو ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی بەبێ هیچ قەیدو بەندێک. ئازادی هەڵسوڕانی حزب و هێزە سیاسییەکان بەدەر لەوەی چ بۆچون و بیروباوەڕێکیان هەیە، لە ناو شوراکانی خەڵک، بۆ خستنەڕووی بەرنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری خۆیان لە پێناو ڕاکێشانی ڕای خەڵک و شوراکان بۆ بەرنامەکانیان.

٥/ کۆمەک بە پێکهاتنی دەستبەجێی شوراکانی جێگای کار و ژیانی خەڵک لە سەراسەری وڵات لە ماوەی لانی زۆر شەش مانگدا.

٦/ هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا بیروکراسی و گەندەڵەکانی ئێستا، حکومەت و پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و .. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارە میلیشیاییە حزبیەکان. هەموو کەرەسە و دارایی و مومتەلەکاتی ئەم دەزگاو میلیشیایانە لەلایەن نوێنەرانی جەماوەرەوە تەرخان دەکرێن بۆ چەکدارکردنی گشتی جەماوەری ڕێکخراو لە شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیاندا. هەروەها بانگەوازی هێزە چەکدارەکانی ئێستا (پێشمەرگە و پۆلیس و.. ) دەکرێن کە ئازادانە بە هاوچارەنوسەکانی خۆیان و هێزی چەکداری شوراکانەوە پەیوەست بن بۆ پاراستی ئازادی و ئاسایشی کۆمەڵگە.

٧/ گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلەو کارساز بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامانەی کە لەم چەند ساڵەدا لەلایەن ئەحزاب و سەران و دەست و پێوەندەکانیانەوە بەتاڵان براوە. ئەوانە لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتەکانی دیکە، تەرخان دەکرێن بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەژێر چاودێری شوراکاندا.

٨/ دەستبەجێ لەو داهاتانە هەموو کرێ و مووچە نەدراوەکانی سەرجەم کرێکاران و کارمەندان و پێشمەرگە و پۆلیس و مامۆستا و خانەنشین و کەم ئەندامان و بیمەکانی تر.. بەسەریەکەوە دابین و دابەش دەکرێن. هەروەها سەرجەم کرێ و موچەکان بەپێی ئاستی گرانی زیاد دەکرێن.

٩/ خۆڕاییکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی.

١٠/ دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو بێکارانی ئامادە بەکار.

١١/ هەموو بانکەکان لە یەک بانکی گشتی ژێردەسەلاتی حکومەتی کاتیدا یەکدەخرێن و داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکان، هەروەها خەرج و بودجەبەندی وڵات بەشێوەیەکی شەفاف دەخرێتە بەرچاوی جەماوەر و لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی خەڵکدا دەبێت.

١٢/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەو گرێبەستە ئابوری و سیاسیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا بەستویانە و دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانن.

١٣/ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی تەواوی ئەو بەرپرسانەی بەشدارن لە تاڵانی و تاوانی کوشتن و فڕاندن و تیرۆر و هاوکاریکردنی تیرۆرستاندا.

١٤/ دین لە دەوڵەت و پەروەدە و فێرکردن جیادەکرێتەوە، هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە سەرچاوەی دینییان هەیە یان هۆکاری جیاکارین. هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت.

١٥/ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو مافێکدا وە هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەمەدا.

١٦/ مافی هاوڵاتی بونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەر لە زمان و ڕەگەز و دین و ئەتنیک.

١٧/ هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان و سزای زیندانی هەتاهەتایی.

١٨/ گرتنەبەری هەنگاوی بە پەلە و پێویست بۆ دابینکردن و ڕێکخستنی گوزەرانێکی گونجاو بۆ ئاوارەکان.

١٩/ حکومەتی کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی خەڵک لەبارەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە، پرسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان یان مانەوە لەگەڵ عێراق، بەشێوەیەکی سیاسی و گونجاو لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان یەکلادەکاتەوە.

٢٠/ بەرپاکردنی فەرمی و ئاشکرای یەکەمین "کۆنگرەی دامەزرێنەری حکومەتی داهاتوو" لە ڕێگای بەشداری نوێنەری هەڵبژێردراوی شوراکان لەسەرانسەی وڵاتدا بۆ داڕشتنی دەستور و بەرپاکردنی دامەزراوەکانی دەسەلاتی خەڵکی لە

# هاوڕێیانی کرێکار! با یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی خۆنواندنی چینایەتیمان!

**خەسرەو سایە**

یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکارانە لەسەراسەری جیهاندا، ڕۆژی هاتنەمەیدان و دەربڕینی نارەزایەتی چینی کرێکارە بەدژی نەزم و نیزامی سەرمایەداری. کرێکاران بەدوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر ڕەنج ومیحنەتێک کەکێشاویانە چاو لە دۆخی کارو ژیانی خۆیان دەبڕن و لەگەڵ دەسکەوتەکانی خەبات و نارەزایەتیەکانیاندا بەراوردی دەکەن و لێرەشەوە پەنجە لەسەر کێشەو گرفتەکانی بەردەم هەوڵ و تێکۆشان و جموجۆلە کرێکاریەکانی یەکساڵی رابردووی خۆیان دادەنێن و یەکی ئایار دەکەنە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ساڵێکی تر لەکارو هەوڵ وتێکۆشانەکانیان لەپێناو باشکردنی دۆخی کارو ژیانیان. بەمجۆرەش یەکی ئایار بەتەنها ڕۆژێک نیە بۆ جەژن و شادی، تەنانەت ڕۆژێک نیە بۆ خستنەڕووی داخوازیەکان، بەڵکو ڕۆژێکە بۆ مەحکومکردن و دادگاییکردنی نەزم ونیزامی سەرمایەو سەرمایەداری، نیزامێک کە لەسەر کۆیلەیەتی کاری بەکرێ و چەوساندنەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە دامەزراوە. کەوایە با یەکی ئایاری ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو، بکەینە مەیدانی گەرمکردنی هەڵسورانێکی بەرین و چالاککردنەوەی کۆروکۆمەڵە کرێکاریەکان. با دەستبخەینە نێودەستی یەکتر و ناوەندەکانی شار و کارگەو دامەزراوەکان بکەینە شوێنگەی بەرپاکردنی مەراسیمە سەراسەری و محەلیەکانمان و ئالای سوری ئایار بەسەریاندا بشەکێنینەوە. با ئایار ڕۆژی گەڵاڵەکردنەوەی داخوازیەکانمان و هەڵسوراوان و ڕابەرانی کرێکاری بلندگۆکان بەدەستەوە بگرن و بەکۆمەڵگاو سەرمایەداران و دەسەڵاتەکەی ڕابگەیەنن کە ئێمە کرێکاران خاوەنانی ئەسڵی کۆمەڵگاین، ئێمەین کە چەرخەکانی بەرهەمهێنان دەچەرخێنین وسامان و داهاتی کۆمەڵگاو هەرچی نازو نیعمەت هەیە دەیخولقێنین، کەچی لەسایەی حاکمانی سەرمایەدا ڕوت و ڕەجاڵ و برسین. کرێکارانی کوردستان لەیەکساڵی رابردوودا، دەورەیەک لەنارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان بۆ خواستی موچەو دامەزراندن و قازانجی ساڵانەو گەلێک خواستی تر کەڕووی لەباشکردنی دۆخی کارو ژیانیان بوە، پشتسەر ناوەو توانیویانە وەک بزوتنەوەیەکی جیاواز لەسەر شانۆی کومەڵگای کوردستان خۆیان بنوینن. کەوایە لەیەکی ئایاری ئەمساڵدا دەبێ هەنگاوەکان بۆ سەراسەری کردنەوەی ئەم بزوتنەوەیە و دابینکردنی رابەری سەراسەری و پێکهێنانی رێکخراوەی جەماوەری سەربەخۆی کوردستان ڕێچکە بگرێ و یەکی ئایار ڕۆژێک بێت بۆ دانانی بەردی بناغەی زاڵبوون بەسەر ئەم کەموکوریانەدا.

بەڵام کرێکارانی کوردستان ئەمساڵ لەدۆخێکی جیهانی و ناوخۆیدا بەرەوپیری ئایاری دەچن، کە لەلایەک جەنگ لەئۆکرانیا دەرگای قۆناغێکی تازەی لەململانێی هێزە ئیمپریالیستیەکان خستوتە سەر پشت و لەپێناو دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەکانی نفوزیاندا، کۆمەڵگای

---

ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک دواى بە دەسەلات گەیشتنی ”کۆنگرەی نوێنەری شوراکانی خەڵک“

* * *

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی هەموو جەماوەری نارازی و ئازادیخواز دەکات کە لەپێناو ئەم ئامانجانە و بەرپاکردنی دەسەلاتێکی راستەوخۆی جەماوەری و شۆرشگێرانە، لە پشتی ئەم ئەلتەرناتیڤە رابوەستن و بۆ بەرپاکردنی شوراکان دەست بەکاربن. هەروەها بانگەوازی هەموو هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەکات بۆ نواندنی ڕۆڵی دەستپێشخەری و پێشرەوانە لەم ڕێگایەدا.

هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو حزبە سیاسیەکان پابەندی خواست و ئیرادەی شۆرشگێرانەی جەماوەری کرێکار و ئازادیخوازی بەمەیدان هاتوو بن و خۆیان نەخەنە بەرانبەر ئەم ئیرادەیەوە. ئەمە تەنها ڕێگای دەرهێنانی کۆمەڵگەیە لە قەیران و بنبەستی ئێستا و دوور راگرتنیەتی لە توندوتیژی و پێکدادانی خوێناوی. سیستەمی شورایی لەگەڵ ئەوەی تەنها شێوازی دەسەلاتداریتی راستەوخۆی جەماوەرە، لە هەمانکاتدا بالاترین جۆری دیموکراسی و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکات. هەموو حزبە سیاسییەکان دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەرێزگرتن لە ئیرادەی شۆرشگێرانەی جەماوەر و بەشدارییەکی سیاسی لەم پرۆسە دیمکراتیک و ئازادانەیەدا ڕۆڵی خۆیان بگێرن و پێگەی خۆیان بەدەست بهێنن.

**کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ناوەراستی دیسەمبەری ٢٠٢١**

بەشەریان ڕووبەرووی کاولکاری و ئاوارەیی و کوشتارو جەنگێکی خوێناوی کردۆتەوە. لێکەوتەکانی ئەم دۆخە جگە لە هەژاری و گرانی و ماڵوێرانی، خەباتی چینایەتی کرێکارانی لەدژی دەولەتانی سەرمایەداری بەرەو هەڵومەرجێکی سەختو دژوار ڕاپێچداوە. هەربۆیە لەئایاری ئەمساڵدا دەبێ کرێکاران ڕاگەیەنن کە جەنگی سەرمایەداران جەنگی ئێمەی کرێکاران نیە، هاوکات کرێکارانی ولاتان و نەتەوە جیاوازەکان نەک هیچ بەرژەوەندیەکیان لەکوشتارو کینەتۆزی قەومیدا بەرامبەر بەیەک نییە، بەڵکو هەموویان بەشە جیا جیاکانی ئۆردوی کار پێک دەهێنن و لەگەڵ یەک چارەنوس و یەک بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەش بەروڕوون. لەلایەکی ترەوە کرێکارانی کوردستان لەدۆخێکی ناوخۆییدا پێشوازی لەئایاری ئەمساڵ دەکەن کە قەیرانێکی قولی سیاسی و ئابوری یەخەی بەدەسەلاتداران گرتووەو بەهۆیەوە کۆمەلگای کوردستانی لەدۆخێکی یەکجار سەخت و نادیاردا ڕاگرتووە و دەیان کێشەو گرفتی ڕوبەڕووی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش کردۆتەوە، لەئاکامیشدا بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری بۆ نان و کارو خزمەتگوزاری پێیناوەتە مەیدانەوە.. بەرامبەر بەم دۆخەش کرێکارانی کوردستان نابێ هەر لەچوارچیوەی داخوازی کارگەیی و ڕشتەییدا بمێنیتەوەو دەبێ وەک رابەری کۆمەلگا قامەتی خۆی دەرخات و بزوتنەوەکەی ببێتە ناوکۆکەی بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانە بۆدەرکێشانی کۆمەلگای کوردستان لەو گێژاو بنبەستە سیاسی و ئابوریەی کەچینی دەسەلاتدار تێدا چەقیون. بەمجۆرەش بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی کرێکاران بکەینە سەکۆی گێرانەوەی ئومید بۆ هەموو چین و توێژە نارازی و ستەملێچوەکانی کۆمەلگا.. کەوایە با بەگورو توانایەکی فراوانەوە بەرەو پیری ئایار بچین و کورەی خەباتی چیانیەتیمان گەرم کەین و ئەم خالانەی خوارە بکەینە بنەمای هەنگاوەکانی ئایاری ئەمساڵمان:

١/ ئامانجی ئێمە کرێکاران لە پێشوازیکردنی یەکی ئایاردا، بەرپاکردنی مەراسیم و چالاکیە سەربەخۆکانی کاریکارانە. کەوایە دەبی هەر لەئێستاوە دەستبەکار بین و خۆمان بۆ ئەم مەراسیم و چالاکیانە لەئاست هەر شارەو هەر ناوەندێکی کاردا ئامادەبکەین و لەپێناو سەراسەری کردنەوەو لێک گرێدانیاندا هەنگاو هەڵگرین.

٢/ یەکی ئایار ڕۆژی کرێکارانەو دەبێ وەک پشویەک ڕەسمیەت وەربگرێ، لەم ڕۆژەدا دەبی لەهەولی راگرتنی کارو چەرخەکانی بەرهەمهیناندا بین. ڕۆژێک بێت بۆ کۆبوونەوە لەدەوری یەک و خۆنواندنمان بەرامبەر بە خاوەنکارو کۆمپانیاکان و ڕابگەیەنین کەیەکی ئایار ڕۆژی کرێکارە، ڕۆژی پشوو ڕاگرتنی کارە.

٣/ یەکی ئایار جەژنی کرێکارانە و مۆڵەت لەهیچ لایەنێک ناخوازێت. بەرپاکردنی مەراسیم و شادی لەمڕۆژەدا مافێکی بێئەملاولای کرێکارانە و دەبێ ئازادی خۆنواندن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و مانگرتن بەڕەسمی بناسرێت.

٤/ ئەگەر یەکی ئایار ڕۆژی کرێکاران بێت، کەوایە دەبێ هەرجۆرە مەراسیم و چالاکیەکی دەسەلاتداران و سەندیکای سەر بەحزبەکانی نیو دەسەلات کەبەناوی ئایارەوە بەڕێی دەخەن، بایکۆت بکرێ وتەنها مەراسیم و چالاکیە سەربەخۆکانی کرێکاران ببنە مەیدانی خۆنواندنی کرێکاران.

٥/ لەیەکی ئایاردا پیویستە کرێکاران وەک رابەری کۆمەلگا و ڕزگاری کۆمەلایەتی دەرکەون و بەدیلی سۆشیالیستی چینی کرێکار ڕێگایەک بێت بۆ وەلامدانەوە بەکێشەو گرفتەکانی چین و توێژە مەحروم و دەستەنگەکان.

٦/ ڕۆژی یەکی ئایار ڕۆژی خستنەرووی ئیدعانامەو داخوازیە سەراسەریەکانی کرێکارانە، ڕۆژی هەڵبڕینی دەنگی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتیە، ڕۆژێکە کە کرێکاران داوا سەرەکیەکانیان بەرووی دەسەلاتداران و خاوەنکارەکاندا دەدەنەوە. لەوانە: ئازادی بێمەرجی سیاسی ، ئازادی مانگرتن و ڕیکخراوبوون، زیادکردنی موچە بەپێی ژیانێکی تەسەل، کار یان بیمەی بیکاری بۆ سەرجەم ئامادەبەکارانی کوردستان، یەکسانی ژن و پیاو لە بەدەستهێنانی کارو کرێ وفیربوندا، دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک خویندن، ئاوو کارەبا وسوتەمەنی، دەرمان و چارەسەری پزیشکی بەخۆرایی و بەنرخێکی کەم...

با بەهەموتوانامانەوە بەرەوپیری یەکی ئایاری ئەمساڵ بچین .. بژی ئایار ڕۆژی جیهانی و ئەنتەرناسوینالی کرێکاری..

★

- بەرەسمی ناسینی ئازادیی ڕێکخراوبون بۆکرێکاران !
- دابینکردنی سەلامەتی شوێنی کارو ژیانی کرێکاران!
- دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆدەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان!

# دابینکردنی دەرمان و پێداویستی نەخۆشخانەکان لەئەستۆی حکومەت و دەسەڵاتدارانداﯾە!

**کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان / ٩ی نیسانی ٢٠٢٢**

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی نەمانی دەرمان و پێداویستیە تەندروستیەکان و داخستنی چەندین نەخۆشخانە لەپارێزگای سلێمانی، لەوانەش نەخۆشخانەی هیوا، شار، بوژانەوەی دڵ و سوزی دەرونی.. لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بڵاو کرایەوە. زەنگی خەتەرێکی گەورە، لەپاڵ دۆخی گرانی و بێکاری و دواکەوتنی موچەو کەمی خزمەتگوزاری و دەیان کێشەو گرفتی تر کە بەرۆکی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش گرتووە، لێدرا. دۆخەکە بەرادەیەکە کە کەمبوونەوەی دەرمان و داخستنی نەخۆشخانەکان ڕاستەوخۆ هەڕەشەی مەرگ لەهەزاران نەخۆش و گیرۆدە بەکێشەی تەندروستی دەکات و بەبێ چارەسەر و دەرمان بە ئێش و ئازارەوە ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێنەوە. بەڵام ئەم زەنگی خەتەرەوە ئەم هەڕەشەیە بەتەنها ڕووی لەنەخۆش و ئەوانەی پێویستیان بەچارەسەری بەردەوام هەیە نییە، بەڵکو نەبونی دەرمان و داخستنی هەر نەخۆشخانەیەک سەلامەتی گیانی و تەندروستی گشتی، کە مافێکی سەرەتایی هەر ئینسانێکە، دەخاتەژێر پرسیارەوە و کارەساتێکی مرۆیی گەورەی بەدواوە دەبێت. دابینکردنی دەرمان و پێداویستی خەستەخانەکان، ئەرکێکی پاساوهەڵنەگری هەر حکومەت و دەسەلاتێکە کە بانگەشەی بەڕێوەبردنی کۆمەلگا دەکات، بەڵام ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەشانی خۆی لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان خاڵیکردۆتەوە وخۆی بە بەرپرس لەئاست سەلامەتی تەندروستی هاولاتیانی ژێردەستی نازانێت و بەمەبەستی گیرفان پڕکردنی خاوەن کۆمپانیا و بازرگانەکان و بەرپرسانی حزبی وحکومەت، نەک هەر کەرتی تەندروستی بگرە سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی لەبەردەم کۆمپانیاکاندا هەراج کردووە سپاردونی بەکەرتی تایبەت. لەم چوارچیوەیەشدا بێدەرمانکردن و داخستنی نەخۆشخانەکان لە سلێمانی سیاسەتێکی ئامانجداری دەسەلاتدارانە کە لە باشترین حاڵەتدا ئاو بەئاشی کەرتی تایبەتی و خاوەن کۆمپانیاکان و بازرگانانی دەرمان و پێداویستیە تەندروستیەکاندا دەکات، تا لەسەر حسابی سەلامەتی تەندروستی وگیانی هاولاتیانی توشبوو بەنەخۆشیەکان، سەرمایە و قازانج کۆبکەنەوە و سەروەت و سامانیان فراوانترو زیاتر هەڵکشێ. گەرمبوونی بازاڕی دەرمان و نەخۆشخانە ئەهلیەکان خۆی بەرئەنجامی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی دەسەلاتدارانە.

ئیمە وەک حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە نەمانی دەرمان و داخستنی خەستەخانەکان دەخەینە ئەستۆی حکومەت و وەزارەتی تەندروستیەوە و ئەوان بە بەرپرسیاری یەکەم و ئاخر دەزانین، هاوکات داوا لە جەماوەری پارێزگای سلێمانی و لەپێشیانەوە کرێکاران و کارمەندان و پزیشکان و هەموو ئەوانەی گیرۆدەی نەخۆشین دەکەین کە دەست بدەنە نارەزایەتی جەماوەری فراوان و بە کۆبوونەوە لەدەوری دروشمی" دابینکردنی دەرمان و چارەسەری پزیشکی و پێداویستیە تەندروستیەکان بەخۆڕایی ئەرکی حکومەتە" یەخەی دەسەلاتداران بگرن و ڕێگا نەدەن ئەم سیاسەتە چەپەڵ و دژی مرۆییەی حکومەت بەسەریاندا تێپەڕێت و بەشکستی بکێشن!

★

- **دانی موچە لەکاتی خۆیدا بێ لێبڕین، زیادکردنی لایەنی کەمی موچە بۆیەک ملیۆن دینار**
- **هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و بەهەمیشەییکردنی گرێبەستەکان**
- **کار یان بیمەی بێکاری بۆگشت ئەوانەی ئامادە بەکارن بێ جیاوازی**
- **دابینکردنی بیمە کۆمەڵاتیەکان بۆ کرێکارانی بیناسازی لەوانە مافی خانەنشینی**
- **کاراکردنەوەی سیستەمی پلە بەرزکردنەوە ودابینکردنی دەرماڵەکان**